# شەهید جەمال تاهیر

# کەڵەپیاوی ڕێکخستن و زیندان و پێشمەرگایەتی

زۆرجار لە زاری چەند هاوڕێیەکەوە ناوی خوێندکارێکی خانەی مامۆستایانی سلێمانی, لە چالاکیو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو ریزەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا بەشانازییەوە ئەبراو باس لە وریاییو ژیرییو دڵسۆزیی ئەکرا, ئەو قوتابیانەی لەخانەی مامۆستایان هەڵسوکەوتیان لەگەڵی هەبوو, ئەوەندەیان بە عیشق و خۆشەویتییەوە باس ئەکرد, بەبێ ناسینی بە دۆستو نزیکێکی خۆم ئەزانی!!

ساڵی 1964بوو, کوردایەتی گەرمو لەلوتکەدا بوو, دووبەرەکی بەینی باڵی مەکتەبی سیاسی پارتیو سەرۆکی پارتی لەوە گەرمتر بوو. دەنگۆی چەککردنو تاوانبارکردنی یەکترو راکردن لەملا بۆ ئەولاو سەرهەڵدانی کەسانی تازەو گرتنو راونانو جارجارەیش تەقو تۆق, هەموو لایەکی گرتبۆوە و خەڵکی سەرسامو بێزارکردبوو. لەو هەلو مەرجەدا ئێمەمانان زۆر سەرقاڵی ڕێکخستنەوەو خۆ ئامادەکردن بووین. بەڵام ئەو دوو بەرەکییە نەگریسە, بەشێوەیەکی سەیر کاری لە ڕێکخستنو پەیوەندییەکان کردبوو, ئاڵۆزو نالەباری کردبوو, سەرەتای بێمتمانەیی دەستی پێکرد. سەرەڕای ئەوانەیش هەوڵەکان بەردەوام بوون, هەم بۆ چارەسەرێكو هەم بۆ بەخۆدا چوونەوەو ڕێکخستنەوەی ریزەکانی ڕێکخستنو پ.م و جەماوەریش دیارە (هەرکەسەیش بەباری خۆیدا هەڵیئەدا).

لەوسەروبەندەدا, لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پێنجوینی پ.د.ك خوالێخۆشبوو شێخ سەعیدی مفتی بوو, گوێزرایەوە بۆ هەڵەبجە من کە ئەندامی کارگێری ناوچەکە بووم, لەشوێنەکەی دانرام, بەڵام ئەو وەزعە دروست بوو بەسەریەکا ترشا!! دەستمان بەکاری نهێنی کرد. گۆڕانکاری و ڕا گۆڕینەوە, چپەو وردە سیمیناری هەندێك لە ماڵانی پەرۆشی وەزعەکە, بووبوونە ئەرکێکی رۆژانە. بەسەرهاتو خوێندنەوەی دەفتەری کۆن, بڵاوبوونەوەی بەیانو دروشمی تازە, دارشتنی پیلانو ڕێگەو شوێن بۆ ئەرکە تازەکان, ئەمانە هەموو وایانکردبوو ئەگەرچی زۆر سروشتییە خۆدزینەوەو ڕاڕایی بەڵام جۆرە تێکەڵاویی و پەرۆشی و بەدەنگەوە هاتن و خۆبەخاوەنی مەسەلەکە زانینێکی واش خوڵقابوو کەدەیان و بگرە سەدان رۆڵەی دڵسۆزو دلێرانەو خەمخۆرانە, زیاتر لە تاقەتی خۆیان هەوڵیان ئەداو دەستیان لەهەموو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانو کارو وەزیفەیان هەڵئەگرتو هەموو خەمێکیان کوردایەتی و ئەرکە نیشتمانییەکانیان بوو. ئەم وەزعە زۆر کەسی بەیەکتر ئاشناکرد, ئەو قوتابییە گورجو گۆڵەی پێشتر بۆیان باسکردبوومو منیش حەزم بەبینینی ئەکرد کە بیناسم, چونکە بەراستی لەبەر ئەوەی پێشتر لەریزەکانی قوتابیاندا لەهەڵەبجەو پێنجوینو سلێمانی خۆم ماندوو کردبوو, هەمیشە تامەزرۆ بوومو هەربیرم لەو رۆژگارانە ئەکردەوە, ئەو قوتابییە شەهید (جەمال تاهیر)بوو کە بووبووە مامۆستاو لەسەرگەڵوو دامەزرابوو. بۆیەکەمجار لە چایخانەکەی شێخ سدیقی رەحمەتی, بەرامبەر چایخانەی مینەشەلی ئەوسا, بەهۆی شەهید مامۆستا ئەحمەد عەزیزەوە یەکترمان ناسی. مامۆستا ئەحمەد یەکەمجار وتی ئەوە مامۆستا جەمال-ەوئەوەیش بەکرە-کەلەدوورەوە یەکتر ئەناسنو ئێوە هەردووکتان منتان کەچەڵکردووە, ئەوەندە هەواڵی یەکتر ئەپرسن دەفەرموون هەقی ئەم چەند وەختە بکەنەوە!! ئیتر وەکو دووبرا دەستمان بەقسەکرد و زۆر شتمان لەسەر یەکتر ئەزانی. هەردووکمان دەموچاومان لای یەکتر ئاشنابوو, یەکترمان دیبوو بەڵام ناسیاویمان نەبوو ئیتر لەو رۆژەوە پەیوەندییەکانمان گەرمتر ئەبوو. هەر لەسەرەتاوە ئەوەی لێم ئەبینی, زۆر ڕێزی لەخەڵك ئەگرتو ڕێزیان

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لێئەگرت, بەتەنگ دەوروبەرەکەیەوە بوو. ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی کە لەلادێوە ئەهاتەوە, ئەمانبینی چەندین جووتیار ئەهاتنە لای و بەدەم کارەکانیانەوە ئەچوو, چالاکانە ئیشەکانی ڕێکخستنی ئەکردو سەرپەرشتیی زیرەکانەی ئەو ڕێکخستنانەی ئەکرد کە بەو سپێردرابوون. هەوڵی پەروەردەکردنی خۆی ئەداو هەمیشە بەتەنگ ئەرکەکانیەوە ئەهات. حەزی ئەکرد لەخۆیەوە بریارنەداتو هەوڵی ئەدا شتەکان تێبگات. گوێی بۆ بەرامبەرەکەی ئەگرتو بەسەرەتاکانی راگۆڕینەوە راهاتبوو, قسەخۆشو گونجاو حەزی لەنوکتە ئەکرد. لەگەرمەی رامانو بیرکردنەوەو ناخۆشیدا, بەنوکتەیەك مەجلیسەکەی ئەخرۆشاندەوەو ئەیدایە قاقای پێکەنین, بەم هەڵسو کەوتو بیرکردنەوانەو بەمجۆرە رەفتارەیەوە, هەر لەسەرەتای لاوی و دەستبەکاری سیاسیی کردنی و تێکەڵاو بەکۆمەڵانی خەڵك بوونیەوە بەتەنیا نەبووە مایەی متمانەو ڕێز لای ڕێکخستنەکانو دۆستو هاورێکانی, بەڵکو سەرەتای ئەوەیشی لێ بەدیدە کرا کە ڕۆژانێك باوەڕو متمانەی خەڵکیی ئەیکاتە کەسێکی دیار, لەوانەی لەناو جەرگەی جەماوەرەوە لەچینە هەژارەکانو بەلێزانینێکی زۆرەوە, بەرەنجو ماندووبوونێکی تاقەت پروکێنەوە جێگەو مەقامی خۆیان ئەگرن.

شەهید مامۆستا جەمال لەژیانی سیاسی خۆیدا, هەرزوو ئەو راستییەی لابووە واقعێکی حاشا هەڵنەگر کەبزووتنەوەی رزگاریو دیموکراتی گەلەکەمان پێویستە بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی جەماوەریی بەربلاوی ئەوتۆ بێت کە سەرچاوەکەی کۆمەڵانی ستەمدیدەو خەڵکی رەشو رووتی کوردستان بێت و لەلایەن نوێنەرە راستەقینەکانی ئەوانەوە بەرێوە ببرێتو سوود لە تواناو وزەی هەموو چینو توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی کوردستان وەربگیرێتو بەسەلیقەو خۆگونجاندنەوە هەوڵی چوونە ناوجەماوەرو نزیکییان بدرێتو لەکێشەو داواکانیان تێبگەنو هەوڵی چارەسەریان بدرێت. واقیعیانە لەگەڵ دەوروبەر رەفتار بکرێتو دۆستایەتی و بەتەنگەوە هاتنیان هەمیشە بەرەو گەشەکردن بڕوات. باوەڕی بەخۆیو بەمیللەتەکەی لەهەموو شتێك زیاتر لەئیشو کارەکانیدا رەنگبداتەوەو خەڵکی لەسەر ئەو پرەنسیپە گرنگە رابهێنێت, پتەوکردنی پەیوەندیو دۆستایەتیکردنی بزووتنەوە شۆرشگێرو دیموکراتیخوازەکانی دەوروبەرو جیهانو روونکردنەوەی رووی راستی کێشەکەمان بۆ جیهانو پەیداکردنی دۆستو لایەنگرانو ئاشنایەتیکردنیان بۆ ناسینو بەهێزکردنی و لادانی لەکەنارگیریو دوورەپەریزیی. ئەمە ئەو دیدگایەبوو کە شەهید مامۆستا جەمال بوێرانەو شارەزایانە, بێ پەروا هەوڵی بۆ ئەداو لێبراوانە باوەڕی پێیان بوو, ئەمجۆرە رێبازە رێچکەی خەباتی مامۆستا بوو, بەبێ دوو دڵی گرتبوویە بەرو بەرەو مەبەست هەنگاوبەهەنگاو, لەنسکۆو گەشەکردندا لە هەڵچوونو داچوونەکاندا لە ڕۆژانی ئاشکراو نهێنیدا لە زیندانو لەشاخدا, مامۆستا ئەبووە مەشخەڵێكو دەوروبەرەکەی رووناك ئەکردەوە.

دەوری شەهید لەدوای ساڵی 1975 لەکۆمەڵەو یەکێتی داو دوای ئەو هەموو بەسەرهاتانەی کە رووبەرووی گەشەکردنی کۆمەڵەو یەکێتیو بزووتنەوە رەواکەمان ئەبوونەوە, مەگەر هەر رێکخراوو لیژنەو کۆمیتەو شانەو کادرەکانی شارەکان, مەگەر هەردۆستو خەمخۆرانی گەلەکەمان مەگەر هەر لێپرسراو وکادرەکانی هێزی پێشمەرگە لەهەرێمەکانی (3و 4و 5و 1) مەگەر هەر سکرتێرو سەرکردایەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵەو (ی.ن.ك) بیزانن کە دەوری شەهید جەمال و عەقڵو لێزانینو بوێری و هەیبەت و دڵسۆزی لەچی ئەندازەیەکدا بووە!!؟ لەکاتی گرتنیو لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا, ئەو هەموو شێوازە درندانەیەی کە بەعسییەکان بەرامبەری بەکاریان هێناوە, ئێمە هەر ئەوەندەمان پێئەکرێت هاورێ زیندانیەکانی بکەینە شاهید کە چۆن بووبووە قەڵایەکی لەپسان نەهاتوو. بەعسییەکان خۆیان زۆر جار ئەو راستییەیان چەندبارە کردۆتەوە کە پڵنگێکی چەند قارەمان بووەو ئاخیان بۆ

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئـەوە هەڵکێـشاوە کـە چـۆن لەدەسـتیان دەرچـوو نەیانکوشـت!! هەربۆیـە بـەقارەمانی زینـدان نـاوی بـرا.. خـۆ کـە بەعەفواتەکە ئازاد کراو هاتە دەرەوە, بووبـە پێـشمەرگە ئـەوە کارەکـانی ئاشـکرابوون کـە چـۆن وەکـو سـەرکردەیەکی ناوریزەکانی پێشمەرگەو لەوماوە کەمەدا جێگەی خۆی کردەوە هەتا شەهیدبوونەکەی!

مـن بەشـبەحاڵی خـۆم بـیرەوەری و یادگـاریم زۆرە لەگـەڵ شـەهید جـەمال تـاهیر هـەر لەسـاڵی 1964-ەوە تـا دوای 1970 دوای ئەوە هەتا ساڵی 1975و 1976و چوونەدەرەوەم. لەساڵی 1978-یشەوە کە لێپرسـراوی لقـی (1)بـووم دواتـر فەرمانـدەی هـەرێمی (3 )بـووم شـەهید مامۆسـتا جـەمال (سـەرکەوت) سـەرکردایەتی رێکخـستنەکانی شـاری ئـەکرد, چـەندین نامـەمان لـە بەینـدان, چـەندین نهێنـی. هـەر ئەوەنـدە ئـەڵێم هـەزاران سـڵاو و ئافـەرین بـۆ ئـەو ئیلتیزامو نەریتەی کە رۆڵەی وا بەرهەم ئەهێنێ. هەزاران سڵاو لە زیرەکیو شارەزاییو ئازایەتیو دڵسۆزیی شـەهید مامۆستا جەمالو هەموو شەهیدانی ئەم رێگە پیرۆزە.

بەکری حاجی سەفەر

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com